بۆ تۆ کە لەسەر خوێندنی گەورەسالآنی
سەربەشاردەوانی بۆ سویدی
بۆ بیانان

تاقیکردنەوەی نیشتمانی کۆتایی (SFI)

سلآو!
تۆ بەتەمایت بەم زوانە تاقیکردنەوەی نەتەوەیی لە یەکیک لە تاقیکردنەوە کۆتاییەکانی خوێندنی زمانی سویدی بۆ گەورەسالآن بۆ بیانان (sfi) بکەیت. مەبەست لە تاقیکردنەوەکە ئەوەیە کە یارمەتی مامۆستاکە بدریت کە هەلسەنگاندن لەبارەی ئەوەوە بکات کە تۆ چەند باش لە بەشە هەنووکەییەکانی پێوەری نمرەی پالنی بابەتەکاندا سەرکەوتووبویت. تاقیکردنەوەکان ئەبیت کۆمەک بە هەلسەنگاندنی زانستیی خویندکارەکان هاوبەها بیت.

پالنی خوێندنی گەورەسالآنی سەر بە شارەوانی لە زمانی سوێدی بۆ بیانان دا ئەبێتە بناخەی تاقیکردنەوەکانی کۆرسەکان، هەم لە شێوەکاریی پرسیارەکان و هەم لە هەلسەنگاندنی پرسیارەکاندا. ئەوە گرنگە کە هەمو خوێندکارێک دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە هەتا لە تواناداببێت ئەوەندە زۆر لە زانستەکانی خۆی نیشان بدات. ناکرێت هەموو شتەکان لە تاقیکردنەوەی تایبەتیدا هەلسەنگاندنیان بۆ بکرێت. ئەنجامی تۆ لە تاقیکردنەوە نەتەوەییەکەدا بەشێکە لەو هەلسەنگاندنە کۆکراوەیەی کە گەیاندەرە بە بڕوانامە لە کۆرسەکەدا. تاقیکرنەوە کۆتاییە نەتەوەییەکە بەشێکی گرنگە پێش بڕووانامە دانانەکە، بەڵام مامۆستاکە ئەبێت هەلسەنگاندنی تەواوەتی زانستەکانی تۆ بکات.

ئایا تاقیکردنەوەکانی زمانی سویدی بۆ بیانان (sfi) چۆنهایە؟
ناوەرۆکی ناوەندی لە پرسیاری تاقیکردنەوەکاندا لەبارەی ئەوەوەیە کە توانای خوێندنەوە و نێگەبیشتنی نێکستەکان هەبێت، قسەکردن، نێگەبیشتنی قسە و نووسین لەبارەی بابەتی جیاواز کە پەیوەستیی بە ژیانی ڕۆژانەوە و ژیانی کۆمەڵگا هەیە.

تاقیکردنەوەکە بۆ بەشگەلی لێکجیاواز دابەشکراوە
- ئەو بەشەی کە نێگەبیشتن لە خوێندنەوە بەتاقیکاتەوە کراوە بە دوو بەستەوە. (ئەرکەکان) پرسیارەکان هەم لەسەر بناخەی نێکستی کورت و هەم دەقی درێژە.
- ئەو بەشەی کە نێگەبیشتن لە بیستراو تاقی ئەکاتەوە لە بەستەیەک پێکهاتووە بۆ کۆرسی C و D، و دوو بەستە بۆ کۆرسی B. زانیارییەکان لەسەر بناخەی گوتوبێژەکان (هاوپەیڤینەکان)، قسەکردن یان دەنگ وباس.
- ئەو بەشەی کە کارزانیی نووسین تاقی ئەکاتەوە، کە لە ئەرکێکی نووسین پێکهاتووە بۆ کۆرسی B و C و دوو ئەرکی نووسین بۆ کۆرسی D.
- ئەو بەشی تاقیکردنەوەیەی کە کارزانیی بەدەمی تاقی ئەکاتەوە لە تاقیکردنەوەیەکی، لە ئەرکێکی تایبەت بۆ کۆرسی B پێکهاتووە و لە ئەرکێکی تایبەت و و جووتە ئەرکێک بۆ کۆرسی C و D پێکهاتووە.

تۆ زانیاریی لە مامۆستاکەتەوە لەسەر چۆنیتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکە و چۆنێنی هەلسەنگاندنی وەرئەگریت کاتێک کە تاقیکردنەوەکە ئەکەیت. تاقیکردنەوەکە بەپێی پێوەرەیەکی بروانامەدانان لەسەر بنەمای سەرکەوتوو وناسەرکەوتوو.

بەرپرس لە تاقیکردنەوەکە

دەزگای خوێندنگاکان لە هەموو تاقیکردنەوە نەتەوەییەکان بەرپرسە. تاقیکردنەکە دارێژراوە وئامادەکراوە لە پەیمانگای مۆدێل ومیتودەکانی وانەگوتنەوە لە زانکوی ستۆکهۆلم بەهاوکاری لەگەڵ دەزگای خوێندنگا.

ئەرکەکانی (پرسیارەکانی) ناو تاقیکردنەوەکە لەلایەن زۆر خوێندنگا جیاوازەکاندا لە دەوروبەری وڵاتدا بەتاقی کراوەتەوە. بەشداربیکەرانی ناو خوێندنەکە، مامۆستایان و توێژەرەوەکان بیروبۆچوونەکانی خۆیان لەبارەی تاقیکردنەوەکانەوە خستوتەپێش.

ئێمە هیوادارین کە تۆ پێتوابێت کە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان باشن و کە ئەوان دەرفەتت ئەدەنێ کە زانستەکانی خۆت لە بابەتە جیاوازەکاندا نیشان بدەیت.

کەسانی پەیوەندییدار لە دەزگای خوێندنگاکان

www.skolverket.se/kontakt